ڕەچەڵەکی بنەماڵە سەیدەکانی کوردستان لەنێوان حوسێنی بوون وحەسەنی بووندا :

ن: موحەممەد عەزیز لۆتەری .

ئەوەی لای بنەماڵەکانی سادات لەکوردستان دا بەربڵاوە ئەوان ڕەچەڵەکی باپیرانیان بەم شێوە ڕیزبەند دەکەن و دەگەیەننەوە ئیمام حوسێن ودەڵێن کە:
١-ئیمام حسین کوڕی ئیمام علی :(لەساڵی 4 کـ لەمدینە لەدایک بووەو-لەساڵی 61 کـ لە کەربەلای عیراق شهیدبووە)
٢-ئیمام زین العابدین :(38 کـ -95کـ)زۆربەی ژیانی لەدوای باوکی لەمەدینەبووە.
٣-ئیمام محمد باقر:(57 کـ -114 کـ)ئەویش لەمەدینەبوەو مردوە .
٤-ئیمام جعفر الصادق:(83 کـ-148کـ)ئەویش لەمەدینەبوەو مردوە .
٥-ئیمام موسی الکاظم(128کـ- 183کـ) لەبەغدامردوە .
٦-سید اسماعیل المحدث:(١٦٢-٢٣٠)بوون ومردنی لەعیراقە لەلای شێخی مودەڕیس .(١)
بەڵام لای چەندین زانای فەرمودەناسی سونە وشیعەکان
دەڵێن ئەم پیاوەکوڕی جاریەبووەو لە میسر لەدایک بووەومردوە دوای ٢٠٣ک وباسی پیاهەڵدانی فەرمودەناسانیش دەکەن بۆی.(٢)

وە باوەڕیان وایە کەئەم ئیسماعیلەی موسای کازم فەرمودەناسەکەی میسرە کوڕی زۆر ی پاڵ دەدەنەلا لە ئەحمەدومحمد و موسا کەزۆربەیان فەرمودەناسن لە میسرومەدینە ، کوڕی زۆربووەو پیشەی باوکیان ڕەچاوکردوە ، وە لەوەش زیاتر نەسەبناسەکان چەندین بنەماڵەلەمیسر لەکەلسەمیەکان وهی تریش بەهۆی ئەم فەرمودەناسە بە سەید دەزانن.
(أبو نصر البخاري :ت ٣١٨ک)
کە دانەری کتێبی (سر السلسة العلوية)
کە کتێبێکی چاپکراوە ودەڵێ کە ئیسماعیل هیچ کوڕی بەناوی عبدالله نەبووە.(٣)

-وەنەسەبناس(أبن مهنا العبيدلي:ت ٦٧٠ک)
لە کتێبی (التذكرة في الانساب المطهرة)دیسان دەڵێ کە ئیسماعیل عبدالله ی نەبووە (٤)
وە ئیبن حزم لە کتێبی :(جمهرة انساب العرب)
دەڵێ کە ئیسماعیل کوڕی بەناوی عبدالله نەبوون
-هەروەها (الفخر الرازي) (ت ٦٠٦ک)لە کتابی (الشجرة المباركة في انساب الطالبية)
(أبن عنبة:ت ٨٢٨ک) ـ لە کتابی (عمدة الطالب)
هەموو ئەمانە دەڵێن کەئیسماعیل تەنیا موساوجەعفەر وئەحمەدومحمدی هەبوون وئەوان لە میسرومەدینە وئەفریقیا فەرمودەیان گێڕاوەتەوە
وەشیعەکان نوێژکردنی ئیسماعیل لەسەر سەفوانی کوڕی یەحیای بەجەلی لە ساڵی٢١٠ک بەفرمانی محمدجواد ی ئیمامی ئەوسای شیعەکان دەکەنە بەڵگە کەئیسماعیل لەوساڵەلەژیاندابووەوجێی متمانەی ئیمام بووە، چونکە سەفوان یەکێکەلەگێڕەرەوەی فەرمودەلای شیعەو لەهەریەک لە ئیمام جەعفەری سادق وموسای کازم وعلی ڕەزاو محمد؟جەواد گێڕانەوەی هەیە ، وەلەکوفە لەدایک بووەو پێگەیشتوە ، دیارەئەوئیمامانەش هیچیان لە میسرنەبوون کەواتە سەفوانیش هەردەبێ لەعیراق بووبێ ، بەڵام گێڕانەوەکەوادەردەکەوێ لای شیعەکان کەئەم پیاوەلەمیسر مردوەو ئیسماعیل نوێژی لەسەرکردوە وەدواتریش لە مەدینە نێژراوە .(٥)
بێگومان ئەم چیرۆکە لەسەردەمی کە خێراترین هۆکاری سەفەر لەنێوان کوفەو میسر ومەدینە چەند حەفتەی ویستووە ،ئەی چۆن مردوێک ڕاگیراتائیمام وڵامی لەعیراقەوەناردتاکێ نوێژی لەسەربکا دواتریش گوازرایەوەبۆ مەدینە !!؟
هەروەها تاکە بەڵگەی لای شێخی مدرس بۆ بوونی عبداللهە کوڕی ئیسماعیلی موسای کازم ئەوەیەکەعبدالله قوتابی شێخ جونەیدی بەغدادی بووە ،بەڵام لەناوقوتابیەکانی شێخ جونەید باسی ئەوعبدالله یەی نێدانیە .
ئاوڕدانەوەیەک بەلای نەوەکانی ئیمام حەسەن دا:
لەو باسەی ڕابورد زانیمان کە زۆربەی گەورەزانایانی نەسەب وفەرمودەناس و مێژوو نوسان لە ناسین ودیاریکردن وشوێن و زانست وپیشەی (اسماعیل کوڕی موسی الکاظم) لێیان تێکچووەو دوو کەسایەتی اسماعیل کوڕی موسی بە وکەسایەتیە دەزانن وهەمووشیان لەسەرئەوبنەمایە بەهەزاران خەڵکیان لابۆتە سەید.
وەئەم بابەتە یەکلابوونەوەی هەروائاسان نیە، ئەوەی لای شێخی موەدریس تۆمارکراوە دەڵێ کەنەئیسماعیل ونە کوڕەکەی عبدالله نەچونە میسر ولەعیراق مردوون ،بەڵام نەسەبناسەکانی تر تەواو پێچەوانەی ئەوبۆچونەن وپێیان وایە کەبەلانی کەم چوارکوڕی ئیسماعیل موساوجعفر وئەحمەد ومحمد لەمیسربوون ولەوێش مردوون.
هەڵبەت بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی هەرلە ڕوداوی کەربەلاوە تائەمڕۆ چونکە فۆکس هەرلەسەر بنەماڵەی حوسێن بووە و بنەماڵەی حەسەن زۆرکەمتر باسیان کراوە ، وە زۆرمەینەتیەکانی حەسەنیەکانیش ناچاری کردون خۆیان بزرکەن بۆیە شە کە ڕەچەڵەک ناسان نەیانتوانیوە وەک پێویست هەموولق و بەرەبابەکان بناسن .

وەسەبارەت بە بنەماڵەی بەرزنجیەکان دوو مێژووناسی وەک (محمد خليل بن علي الحسيني(ت ١٢٠٦هـ))کەخۆشی لەبنەماڵەی ئیمام حوسێنە لەکتێبی (سلك الدرر في أعيان القرن الثاني عشر)(٦)
وکەسێکی زانای وەک(خير الدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس، الزركلي الدمشقي (ت ١٣٩٦ هـ))لەکتێبی(الاعلام)(٧)
لە ژیاننامەی کەسێکی بەناوبانگی وەک محمد رسول البرزنجی : (١٠٤٠-١١٠٣ک)کە خاوەنی کتێبی (الاشاعة في اشراط الساعة)ودەیان کتێبی تر وچەندساڵ یەکێک بوو لە موفتی وزاناکانی مەدینەوهەرلەوێش وەفاتی کردوە
دەڵێن کە نەسەبی حەسەنی یە .
بێگومان سەیدایەتی بەرزنجیەکان لە حجاز وخوراسان وعیراق وشام و میسر شتێکی بەڵگەنەویست وئاشکرابووە ، بۆیە لەودەیان سەدەدا لەوهەموو زاناوموفتی وقازی وسوڵتان ودەسەڵاتدارەکەس گومانی لەڕاستێتی نەسەبەکەیان نەبووە و وەک دەرەنجامێکی بەڵگەنەویست سەیرکرانیان وەک سەید بە (استفاضة) سەلمێنراوە .
چۆن ئەم هەموو خەڵکە ئەم سەیدایەتیەیان قبوڵکرد ؟ لەکاتێکدا نەسەبیش وەک سەنەدی فەرمودە بابەتێکی هەستیاربوو؟
بۆیە بێگومان بەرزنجیەکان سەیدن ، بەڵام بۆئەوەی کە ئەم بەرزنجیانە لەنەوەی حەسەن بن نەک لەنەوەی حسێن چەند نیشانەیەک هەیە.
-گرنگی دان وپابەندبوونی بەرزنجیەکان هەرلەسەرەتاوە بە تەریقەتی قادری کە شێخی گەیلانی لەنەوەی ئیمامی حەسەنە ،وەچونکە سەیدەکانی بەرزنجەش حەسەنی بوون بۆیە گرنگیان بەتەریقەتی قادری حەسەنی داوە .
-وە بەرزنجیەکان کە حوسێنی بونایە توشی ئەوهەموو ڕاوەدوونان ودژایەتیەنەدەبوونەوە لەلایەن دەوڵەتی ئێلخانی شیعی ودەوڵەتی سەفەوی وئەوەندەش هۆگری ئەمارەتە کوردیەکانی بابان وئەردەلان نەدەبوون ، چونکەهەریەک لەسەفەوی وتەیموری وقاجاریەکانیش زۆرگرنگیان بەحوسێنیەکان دەدا ودەرگایان بۆ واڵادەکردنەوە بەڵام بەرزنجیەکان نەک هەردەرگایان بۆ واڵانەکراوە بەڵکوزۆر دژایەتیش کراون لەلایەن تەیموری و سەفەوی وقاجاریەکان ،کەواتە ئەوەش دەیسەلمێنێ کەئەوان حەسەنی بوون .
-وەهەمیشە ئەوەی دەرگای واڵابووەوگرنگی بە بەرزنجیەکان داوە دەوڵەت وسوڵتانەکانی سەربەئەهلی سونەت بوون لە مەمالیکەکانی میسر و سوڵتانەعوسمانیەکان وئەهلی حیجاز وشام وهەمیشە لەوشوێنانە پۆستیان پێدراوەو متمانەپێکراوبوون .
-لەهیچ سەردەمێکدا بەرزنجیەکان هیچ هۆگریەکیان بۆنەجەف وکەربەلا نەبووە ونەبەسەردان ومانەوەوزیارەت ڕوویان لەوێ نەبووە ، بەڵکو هەموو کاتێ دڵ ودەروونیان هۆگری مەدینەبووەولێی ماونەوە وبە وڵاتی خۆیان زانیوە چونکە گۆڕ و میرات وژیان ومردنی ئیمام حەسەن لەمەدینەبووەو نەهاتۆتە کەربەلا ،وەکەربەلا تەنیالای حوسێنیەکان جێ بایەخپێدان بووە .
-حوسێنیەکان تاکۆتایی ئەمەویەکان هۆکاری ڕاکردن وخۆشاردنەوەیان هەبووە بەڵام دوای هاتنی عەباسیەکان ،خەلیفە عەباسیەکان زۆردژایەتیان نەکردوون وبگرەیارمەتیشیان داون ،وە مەزهەبی شیعەش کەخاوەن بەروبومودااهات بوون بەناوی خومس وپێنج یەکەوە

لێشاوی خێروخێراتیان بەسەر سامەڕاو نەجەف وکەربەلاوکوفەداکردوە ، هەربۆیە دوای هاتنی عەباسیەکان تاکۆتایی هەردوازدە ئیمامەکەو ڕوخانی عەباسیەکان هیچ کام لە تاکەکانی ئەوبنەماڵە پێویستیان بە خۆبزرکردن ودووركەوتنەوەلەئیمامەکان وئەوداهاتەی لایان نەبووە بۆیە هیچ ڕێی تێ ناچێ کە ئاوەدان کەرەوانی گوندی خوار کۆخ وزنجی هەژارەکان حوسێنی بووبن ، بەڵکو ئەوان لەوحەسەنیانەبوون کەلەترسی زەبروزەنگی عەباسیەکان ڕایان دەکرد .

ڕووماڵێکی خێرای بنەماڵەی ئیمامی حەسەن:

■ (1) ئیمام الحسن کوڕی علي:

– لەدایک بوون: لەساڵی3 کـ (625ز)لەشاری مدینە

– وەفاتکردن:لەساڵی 50 کـ (670ز) لەشاری مدینەلە (بقیع)نێژراوە هەشت کوڕی هەبووە بەناوەکانی (زەید وعومەر وعبدالله وعبدالرحمن وحەسەن وحوسێن وتەلحە)بێگومان دەبێ مناڵ ونەوەی حەسەن لەهی حسێنیەکان زۆر زۆرتربن ،چونکە ئیمام حەسەن ژنی زۆرتری هێناوەو منالەکانیشی زۆربەیان ماون .

هەرچەندە کە پێنج لە منالەکانی لە گەڵ مامیان حوسێن لە کارەساتی کەربەلا خۆیان قوربانی مامیان کردو بەدەستی ئەمەویەکان شەهیدبوون کەبریتی بوون لە

[١- عبد الرحمن ٢- القاسم ٣- عبد الله الأكبر(ئەبوبەکر) ٤- عبد الله الأصغر ٥-عمر]

■ (2) (الحسن المثنّى)حەسەنی دووەم کوڕی ئیمام حەسەن .

– لەدایک بوون: لەساڵی 37ک لەساڵی: 97 ک مردوە، هاوسەری(فاطمة) کچی حسینە لەمەدینە پاشان لەکوفە ژیاوە .خاوەنی شەش کوڕ و شەش کچە .ناوی کوڕەکانی:[محمد(بەزیندووی نێژراوشەهیدبوو ،،عبدالله المحض(باوکی محمد وابراهیم کە مەنسوری عەباسی شەهیدی کردن وباوکی جونیەکان))) ،إبراهیم الغمر ،الحسن المثلث ،جعفر،داود]

عبدالله المحض کوڕی حسنی دووەم کە باوکی نەفس الزکیەیە ، کوڕێکی تری هەیە بەناوی موسا (موسی الجون)ئەم پیاوەدوای ئەوکارەساتەی جینۆساییدکرانی بنەماڵەکەیان پەنابۆ ناوچەی کێوستان (الجبال)دێنێ ، دیارە لەوێ دەشێردرێتەوە ،ئێستا شێخ عبدالقادری گەیلانی [کوڕی السیّد موسی جَنگي دُوست بن السیّد عبدالله الجیلي بن السیّد محمد بن السیّد یحیی الزاهد بن السیّد محمد بن السیّد داود بن السیّد موسی بن السیّد عبدالله بن السیّد موسی الجون بن السیّد عبدالله المحض بن السیّد الحسن المثنی بن الإمام الحسن السبط]

وەهەروەها دوو لق لە نەوەکانی شێخی گەیلانی کەوتونە تکریت و حەدیسە وکوبێس و ئالوسیەکان وکوبێسیەکان لەنەوەی شێخی گەیلانین.

وەلقێکی تر لەنەوەی گەیلانی کەوتونەتە لای موسڵ وبنەماڵەکانی سەیدەکانی بێجی وموسڵ وبریفکان ودهۆک لەو لقە پیرۆزەن .

هەڵبەت کە بنەماڵەی ئالجونی حەسەنی لەپێش شێخی گەیلانیش دا لەوسەدان ساڵە لەزۆرشاروگوندی ناوچەی چیا نەوەو وەچەیان هەیە وزۆرپێش نەوەکانی حوسین لە کوردستان بوون ،چونکە نەوەکانی حوسین دوای هاتنی عباسیەکان پێویستیان بەخۆشاردنەوە نەماوەهەردەم لەدەوری ئیمامەکانیان بوون بەڵام نەوەکانی حەسەن

تارومارکران بۆیەش دەبێ حەیدەری وبەرزنجیەکانی کوردستان لەناولق وپۆپی بنەماڵەی حەسەنی بۆ ڕەچەڵەکی باوک وباپیریان بگەڕێن کەهەرئەوان بە گوندی کۆخ وزنج ڕازی بوون ولە لای زنج وکۆخی هەژاران بەرزنجەیان دروست کردوە ،بەڵام نەوەکانی حوسێن ودوازدە ئیمامەکانی شیعە هەرخەریکی خواردنی ئەو خومسەبوون کەشیعەکان بەلێشاو بۆیان دێنان .

وەهەر لەکوڕانی موسا الجون چەندین کوڕی تری لەوناوچانە بڵاوبۆتەوە کە دەوڵەتی ئیدریسی مەغریب و زۆرێک لە بنەماڵەکانی بەحرێن ونەجد وئەفغانستان خۆیان بەهۆی ئەم جونیانە بەسید دەزانن ، کە کوردستان زۆر لەوشوێنانەنزیکترە .

وەهەریەک ساداتی قەرەداغ و بنەماڵەی مەردۆخیەکانیش بنەچەیان حەسەنیە ،بەڵام ئەوان لەنەوەی حەسەنی کوڕی زەیدی کوڕی ئیمامی حەسەنن ، کەواتە ئەم لقەش لەحەسەنیەکان گەیشتۆتە کوردستان .

حەسەنی سێیەم (المثلث)حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەن (٧٧-١٤٥) لە عابدەکانی بنەماڵەی حەسەن بوو، یەکێکە لەتابعیە باوەڕپێکراوەکان وفەرمودەی زۆری لێ گێڕدراوەتەوە ، لەزیندانی ئەبوجەعفەری مەنسورداشەهیدبوو باوکی شەش کوڕبوو بەناوەکانی :

[طلحة، والعباس ،وحسن ،وإبراهيم، وعبد الله، وعلي العابد.]

عبدالله وعلی وعەباس لەگەڵ خۆی زیندانی بوون و لەساڵی١٤٥ک بەدەستی مەنسور شەهیدکران ، عبدالله کوڕی حەسەنی کوڕی علی کوڕی حەسەن یەکێک بوە لەومامۆستاو ڕاویانەی ئیمامی بوخاری زۆرێک لەحەدیسەکانی لێ وەرگرتوەو زۆرمتمانەی پێ بووە .

■ (3) (إبراهيم الغمر)کوڕی (حسن المثنى)

– لەدایک بوون: لەساڵی: ٧٦ کـ لەمەدینە

– لەساڵی١٤٦ کـ مەنسوری عەباسی شەهیدی کرد

–لە مەدینە وعیراق و وڵاتی فارس ژیاوە

حەوت کوڕ وپێنج کچی هەبووە ،ناوی کوڕەکانی:[حەسەن (ئیمامی فقه لەتەبەرستان) یعقوب،محمد الأكبر(عابدی وڵاتی میسر)،محمد الأصغر، إسحاق، علي،إسماعيل الديباج]

■ (4)إسماعيل الديباج)کوڕی إبراهيم الغمر(ت١٦٩ک) باوکی ئیبراهیمی طباطبا زۆرێک لە ژیانی مەینەتی وزیندانی عەباسیەکان بوو.

■ (5)ئیبراهیمی طباطبا(ت١٩٠ک)لەسەردەمی هارون شەهید بوو ، هەرلەسەرەتای عەباسیەکان لە١٣٢ک تا١٩٠ک عەباسیەکان دوژمنایەتی گەورەیان لەگەڵ حەسەنیەکان بوو چونکە دەیانگوت ئەوان حوکمیان ڕادەستی ئەمەویەکان کردوە بۆیە ئیمامەکانی شیعە لەحوسێنیەکان سەلامەت بوون لەوماوە.

ئیبراهیم پێنج کوڕی هەبوو ناویان

-محمد کوڕی طباطبا

(نەوەکانی محمد لەئەردەبیل تا ئەسفەهان بڵاوبوونەوە) .

، القاسم الرسي :لەیەمەن بڵاوبونەوە
أحمد الرئيس أبو عبد الله:نەوەکانی لەناوەڕاستی عیراق بڵاوبوونەوە.
الحسن:نەوەکانی لە میسر بڵاوبوونەوە
.عبد الله:ابن اثير لە ڕوداوەکانی ساڵی٢٥٥ک باسی دەکا کەسەرکێشی شۆڕشێک بووە لەعیراق وشام.
★محمدی کوڕی طباطبا (١٩٩ک)ژەهرخواردکراەکوفە
ناوی کوڕەکانی [إسماعيل، وجعفر، وعبد الله]
بوو.
سەیرئەوەیە ئەو فەرمودەناسانەی میسر کوڕەکانی ئەم بنەماڵە بوون کە خاوەن نەسەبەکان لێیان تێکچوەولەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی موسای کازمی حوسەینی لێیان تێکەڵ بوون ،زەهەبی لە سیر اعلام النبلا دەڵێ:
(عبد الله بن أحمد بن علي بن حسن بن الشريف طباطبا واسمه إبراهيم بن إسماعيل بن إبراهيم بن حسن بن السيد الإمام علي بن أبي طالب العلوي الحسني المدني ثم المصري)(٨)
ئەم پیاوە لەساڵی ٢٤٨ک لەمیسر مردوە.
(قاسم الرسي) (١٦٩ - ٢٤٦ک)
قاسم کوڕی ئیبراهیم (طباطبا) کوڕی إسماعيل کوڕی إبراهيم کوڕی(الحسن المثنى) کوڕی ئیمامی بەردی بناغەی مەزهەبی زەیدی ئەم بنەماڵە دایان ناوە ،ئەم پیاوە خاوەنی دەیان نوسراوە لە هەموو بوارەکانی فقە وبیروباوەڕ وتەزکیە ، هەرچەندە مەزهەبی زەیدی
پاڵ دەدرێتە لای زید کوڕی علي کوڕی حسين کوڕی علي کوڕی أبي طالب(80ک - 122ک.)
کەئەمەویەکان لەتەمەنی چل ساڵی شەهیدیان کرد ، بەڵام لەڕاستیدا زەید هیچ مەزهەبێکی فقهی نەبووەو ئەوسەردەمە مەزهەبی فقهی هەربوونی نەبوو چونکە هێشتا ئەبوحەنیفە منداڵ بوو ، ئەم پیاوەش لەسەردەمی چڵەپۆپەی ئەمەویەکان وبوونی مەترسی لەسەرژیانی وخۆشی ئیمامی شیعەکان نەبووە ،بۆیە پاڵدانی مەزهەبێکی فقهی بۆلای ئەو جێی متمانە نیە .
بەڵام لەڕاستیدا دامەزرێنەری ڕاستەقینەی مەزهەبی زەیدی یەحیای کوڕی حوسێنی کوڕی قاسمی کوڕی ئیبراهیمی ڕەسیە کە لەنەوەی ئیمام حەسەنن، حەق وایە بەو مەزهەبە بگوترێ مەزهەبی یەحیا نەک مەزهەبی زەیدی ، وەبەدرێژایی هەزارساڵ هەڵکەوتوان و موجتەهیدانی ئەم مەزهەبە لە ئیمام هادی و ئیمام ناسر وئیبن وەزیر وسەنعانی وشەوکانی هەموویان حەسەنین .وەزۆرجار ئەم ئیمامانە لەگەڵ مەزهەبی فقهی قەزاو سیاسەت و حوکمڕانیشیان هەبووە.
ستەمی عەباسیەکان لەبنەماڵەی ئیمام حەسەن:

هەرچەندە عەباسیەکان (١٣٢-٦٥٦ک)بەدرووشمی ماف ستاندنەوە بۆ ئال وبەیتی محمد سەرکەوتن و مسوڵمانان بەوهۆیەوە پشتیان گرتن
بەڵام هەردوای دەسەڵات وەرگرتنیان دەستیان کرد بەقەڵاچۆکردنی بنەماڵەی ئیمام حەسەن چونکە حەسەنیەکان لە حوسێنیەکان زۆرتربوون ،وەلای مسوڵمانانیش خۆشەویستر وپەسندتربوون چونکە باپیریان هەڵەی سەحابەگەورەکانی ڕاست کردەوەویەکڕیزی

وبرایەتی و(عام الجماعه)ی بۆ مسوڵمانان گێڕایەوەو ئاشتەوایی بۆ ئوممەت هێنایەوە ،بۆیە حەسەنیەکان لە بنەماڵەی حوسێن کەبووبوونە هۆی نانەوەی دووبەرەکی خۆشەویستتربوون ،وە حەسەنیەکان خۆیان لە ئوممەتی ئیسلامی جیانەکردبۆوەو ڕاوبۆچونی ڕیزپەڕیان نەبوون .

لەبەرئەوە عەباسیەکان لەوان زیاتردەترسان ودەستیان کرد بە تۆقاندن وڕاوەدوونان وجینۆسایدکردنیان .

لەسەردەمی سوڵتانی یەکەم ئەبو العباسی (السفاح-خوێنڕێژ) (132–136کـ)

کە قەسابخانەی بۆ(آل الحسن) لەشاری (مدينة دانا لەساڵی 135کـ .

وسەفاح فرمانی دەرکرد هەرچی بنەماڵەی حەسەنیە دەبێ بگیرێ ، بۆیە زۆرینەیان گیران وزۆریشیان لەژێر ئەشکەنجەدا مردن ،وە مۆڵک وسامانیان دەستی بەسەردا گیرا هەریەک لە مێژوونوسان [الطبري، ابن الأثير، ابن خلدون، مقاتل الطالبيين لأبي الفرج الأصفهاني.]باسی ئەوڕوداوانە بەدرێژی دەکەن .(٩)

هەروەها لەسەردەمی حوکمڕانی ئەبوجەعفەری

المنصور (136–158کـ) –زەحمەتترین سەردەمی حەسەنیەکان بوو کەلەسەردەمی یەزید لەسەرحوسێنیەکان زۆر دڕندانەتربوو.

مەنسور هەموو حەسەنیەکانی گرت وزۆریان لەژێر ئەشکەنجە مردن ،شاری مەدینەی گەمارۆ دا تا محمد (نفس الزكية) وسەدان کەسی لەخەڵکی مەدینە لەساڵی (145کـ) شەهیدکرد

دوای ئەوە ئیبراهیم کوڕی عبد الله ی حەسەنی برای محمد (نفس الزكية) لەشاری بەسرە لە ساڵی(145–146-) گەمارۆداو ئەویش دوای بەدیل گیران شەهیدکرا وەباوکیشیان (عبد الله المحض) کوڕی ئیبراهیم لەزیندانداا لەژێر ئەشکەنجە شەهیدکرا .

ئەوزیندانەی کە مەنسور بنەماڵەی حەسەنی بەپیروگەنجەوەتێدا تێدا بەند کردن لەژێر زەوی بوو ،وەک زیندەبەچاڵکردن بوو بە خشت وقوڕهەموو کولانکەیەکیان گرت هەتا خنکان ومردن . ئەم ڕوداوەش هەموو مێژوونوسان بەدرێژی باسیان کردووە.

ئەم سزاوئەشکەنجە لەسەردەمی حوکمڕانی

[مهدي وهادي و هارون رشيد ومامون واسق و موعتەسیم و متوەکیل (١٤٨-٢٤٥کـ)هەربەردەوام بوو .

بەم هۆیانەوە ئیدرسی کوڕی عبدالله حەسەنی(کەنەوەکانی دەوڵەتی ئیدریسیان لەمەغریب دامەزراند) بەژەهر کوژرا .

چەندین بنەماڵەی وەک حەسەنی کوڕی زەیدی حەسەنی و محمدی کوڕی قاسمی حەسەنی قەسابخانەیان بۆدانرا ومووڵک ومااڵیان دەستی بەسەرداگیرا ،لەوسەردەمەی کە زۆرێک لەخەڵکی بە کێشی خۆیان زێڕوزیویان پێدەدرا حەسەنیەکان بۆ سەدان ساڵ زیندانی دەکران و لەبرسان وبەئەشکەنجە دەمردن وبەزۆری لەحجازوعیراق دووردەخرانەوە .

هەربۆیەش ئەوحەسەنیانەی مابوون ڕویان لە میسرومەغریب ویەمەن ودیلەم وتەبەرستان وکوێستان کرد ولەزۆر شوێنی وەک مەغریب و تەبەرستان و دەیلەم چەند قەڵەمڕەوی حەسەنی دامەزران .(١٠)

ئەو سەیدەحەسەنیانەی کە وەچەو نەوەیان لە هەمەدان وشارەزوور بڵاو بۆتەوە :
دوای ئەوهەموو بەریەککەوتن ونەهامەتیانەی بەر حەسەنیەکان کەوتوە بەدەستی عەباسیەکان ، بۆیە ئەوە بنەماڵە حەسەنیەکانن کەبەهۆی بوونی هەڕەشە لەسەر مانیان پەنایان بردۆتە بەرخۆشاردنەوەو نیشتەجێ بوون لەگوند وشوێنی بەرکەنارونەناسراوودوور لەدەسەڵات ، هەربەوهۆیەشەوە کە لەوسەردەمە کوردستان پەنایەکی لەباربوو ، لەوەوپێش گوتمان کە دامەزرێنەر وهەڵگری ئەوەی پێی دەڵێن مەزهەبی زەیدی ولە بنەڕەتدا مەزهەبێکی حەسەنیە لەخۆراسان بڵاو کرایەوە تابێتە سایەیەک بۆ پاراستنی حەسەنیەکان لە ڕاوەدوونانی عەباسیەکان ، وە ئەوەی ئەم مەزهەبەی دامەزراند حەسەنیەکان بوون ،بەڵام هەوڵیان دەدا خۆیان کەمتر لە پێشەوەی کارەکەبن بۆیە لە خوراسان بنەماڵەی دەیلەمە بەیوهیەکانیان کردە جێگرەوەی سەهلیەکان وبەرمەکیەکان وتورکەکان لەساڵانی(322 - 448ك) شایانی باسە ئەم مەزهەبە لەناوکوردستانیش بڵاو بوو کوردەکانی شارەزور وهەرێمی کێوستان پێش ئەوەی شافعی بن زەیدی بوون بەقسەی موسەعیری کوڕی موهەلهەلی گەشتیار (١١)، وە هەردو دەوڵەتی حەسنەوی وعایشانیەکان لەسەر مەزهەبی زەیدی بوون ، بەگشتی لەوسەردەمە بەهۆی سەرهەڵدانی ئەودەسەڵاتی خۆجێیەی دەوڵەتی عەباسی گرتبۆوە وکوردیش ئەو دۆخەیان قۆستەوەو ئەم میرنشینانەیان دامەزراندن :
١-بنەماڵەی سەدیقیەکان لەنێوان ساڵانی (٢١٢-١٥٣ کۆچی بەرامبەر 770ز-827ز) بەردەوام بوو کەپایتەختەکەی ورمێ بوو لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وکوردستانی ناوەڕاست دەرکەوت ئەم بنەماڵە لەبنچینەدا لە مەوالی وکورده ئازاد کراوەکانی تیرەی ئەزدی عەرەبی بوون.
٢-ئەمارەتی هەزبانیەکان لە ئازربایجان وهەولێر ودورگەی نێوان دیجلەوفورات (293-656/ک 905-1258 ز.
٣-دەسەڵاتی عەیشانیەکان (300-350کـ/ 912-961م). کە تیرەیەک بوون لە هۆزی بەرزیکانی ،هەندێک پێیان وایە ئەم هۆزی بەرزیکانیانە هەمان بنەماڵەی بەرزنجین کەئەم بۆچوونە بەڵگەکان پشتگیری ناکەن .
٤-میرنشینی حەسنەویەکان : الإمارة الحسنويّة (348-406هـ/ 959-1015م). هۆزی برزیکانی بوون .
٥-میرنشینی ڕەوادیە کان :الإمارة الرّوادية (337-463هـ/948-1071م). تیرەی سەلاح الدینی ئەیوبی.
٦-میرنشینی شادادیەکان الإمارة الشدّاديّة (340-595هـ/بەشێک بوون لە هۆزی ڕەوادی، کە خەڵک وادەزانێ شداد لە شدید وشدادی عەرەبی وەرگیراوە ،بەڵام لەڕاستیدا ئەم ووشە لێکدراوە لە پاشا + داد ودوو ووشەی کوردین.

٧-میرنشینی دۆستەکیەکان .
الدولة الدوستكية – (345-489هـ/956-1095م). بەشێک بوون لە هۆزی حەمیدی
٨-میرنشینی مەروانیەکان 380-489ك/990-1069ز

٩- میرنشینی عەنازیەکان لە٣٨١-٥١١ک بۆماوەی ١٣٠ساڵ لە حلوان و کرمانشا وشارەزور ودینەوەرو ئەسەدئاباد چەندین میر حوکمڕانیان کردوە وزۆرێک لە مێژووناسان ئاماژەیان پێ کردوون.(١٢)
ئەم بەڕێوەبەریەخۆجێیانە هاوکاریکی خوایی بوو بەتایبەت بۆ حەسەنیەکان تا چیتر چاوی دەسەڵاتی عەباسیان لەسەرنەبێ وجینۆساید نەکرێن .
هەربۆیە وەک دەبینین کە چەندین بنەماڵەی حەسەنیەکان لەناو میللەتی کورد و چەندین میللەتی تر تواونەوە زمان وجل وبەرگی ئەونەتەوەو وڵاتانەیان هەڵگرتووە کەپەنایان داون ،لەسەرەوەئاماژەم بەبنەماڵەکانی ساداتی قەرەداغ وبریفکان ومەردۆخ کرد کەمسۆگەر ئەوانە حەسەنین و ئاماژەش بەوەکرا کەچەندین زانای مێژووناس بەرزنجی وحەیدەریەکانیش بە حەسەنی دەزانن .

گرنگترین سەرچاوەکان :

(١)-شێخ عبدالکریمی مدرس، بنەماڵەی زانیاران، تهران، ١٣٨٩ش.
(٢)الأمين، السيد محسن :أعيان الشيعة: 3/ 436 رقم1208
- السيد أبوالقاسم الخوئي:معجم رجال الحديث وتفصيل طبقات الرواة: 4/ 100 رقم1444.
(٣)أبو نصر البخاري:سر السلسة العلوية
(٤)أبن مهنا العبيدلي:التذكرة في الانساب المطهرة
(٥)أبن حزم:جمهرة انساب العرب
(٦)محمد خليل بن علي الحسيني:سلك الدرر في أعيان القرن الثاني عشر: دار البشائر الإسلامية، دار ابن حزم,الطبعة: الثالثة، ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٨ م
(٧)خير الدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس، الزركلي:الاعلام دار العلم للملايين,الطبعة: الخامسة عشر - أيار / مايو ٢٠٠٢ م
(٨)الذهبي :سير اعلام النبلاء
(٩)الكامل في التاريخ ، لأبن أثير ووابن كثير ، البداية والنهاية .
(١٠)الشجرة المباركة في أنساب الطالبية الكاتب: رازي، فخر الدين محمد بن عمر، 1149 or 1150-1210رجائي، مهدي.مرعشي، محمود. مكان النشر: قم :
(١١)مادة مسعر بن مهلهل في دائرة المعارف الإسلامية.
(١٢)الامارة الهذبانية الكردية في آذربيجان وأربيل والجزيرة الفراتية: من 293-656/هـ 905-1258 م : دراسة سياسية حضارية.
وإبراهيم إبراهيم : (الكرد وديارهم في كتاب صورة الأرض لابن حوقل)